
کوردەکانی لای خۆراسان،
لە دوا ڕۆژی دەوڵەتی
خۆرهەڵاتی کوردستاندا.
نووسینی عارف باوەجانی
بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی
مای ٢٠٢٠ی زاینی

# کوردەکانی لای خۆراسان

# لە دوارۆژی دەوڵەتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا.

نووسینی عارف باوەجانی

چاپی یەکەم:

بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی مای / ٢٠٢٠ی زاینی

ناوی پەرتووک: کوردەکانی لای خۆراسان، لە دوا ڕۆژی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆرهەڵاتی کوردستاندا

| | |
|---|---|
| بابەت: | کورتە پێناسەی کوردانی لای خۆراسان |
| نووسەر: | عارف باوەجانی |
| ساڵی چاپ: | چاپی یەکەم . مای ٢٠٢٠ |
| شوێنی چاپ: | هەولێر، چاپخانەی سەربەستی. |
| وێنەی بەرگ: | دانا ئەحمەدی |
| دیزاین: | دانا ئەحمەدی |
| تیراژ: | ٥٠٠ دانە |

نرخی کتێب: ٢٠٠٠ دیناری ئێراقی لە کوردستان
لە وڵاتانی دەرەوە ٣ (3$) دۆلاری ئەمریکی

بۆ ناوخۆی وڵات بە بێبەرامبەرە ( خۆڕایی)

# ناوەڕۆک

دەستپێک ........................................... 7

نەخشەی پاریزگای باکووری خۆراسان ................ 9

خۆراسان کۆییەو لە کۆی هەڵکەوتووە ............... 10

خۆراسانی باکوور ....................................... 13

کوردەکانی لای خۆراسانی ڕەزەوی ................... 17

مێژووی کوردەکانی لای خۆراسان .................... 18

حکومەتی خۆرهەڵاتی کوردستان، و کوردەکانی خۆراسان (کوردخانە)، لە دواڕۆژدا ................... 24

هیندیک وێنەی مێژوویی کوردەکانی لای خۆراسان 31

دوا وتە ................................................ 42

سەرچاوەکان ........................................... 43

بەرهەمەکانی نووسەر .................................. 45

## دەستپێک

زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی دێرینی جیهان، بە هۆی تێپەڕبوونی سەدان و هەزارانساڵەی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی سەردەمی حوکمڕانییە جیاوازەکانی، ئاینی، و ئیمپراتۆی ویلایەتی، زۆربەی نەتەوەکان خەڵکیان لێ پەڕیوەی وڵاتان و جۆگرافیای دیکەی وڵاتەکەیان بوون، بە تایبەت لە ناوچەکانی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە هۆی حوکمڕانی سۆمەرییەکان، مادەکان، ئاشوری، ساسانییەکان، و و ئیسلام، عوسمانی و سەفەوی زۆر مێژووی دیکە، زۆر لە نەتەوە ڕەسەنەکان لەشوێنەکانی خۆیان بە زۆرە ملی دەربەدەرکراون وڕاپێچی شوێنی دیکە کراون. گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی ناوچەکە، کە لە هەموو نەتەوەک زیاتر بەو ئەو شاڵاوانە کەوتووە. بە تایبەت لە سەردەمی شەڕی دەسەڵاتەکانی عوسمانی و سەفەوییدا، بەهۆی زیرەکی وسوارچاکی کوردستانیە کان. ملکەچ نەبوونیان بۆ ویستەکانی سەفەوییەکان،

لەترسی پەرەسەندنی دەسەڵاتەکانیان لەو دەڤەرانە و هەروەها لە ترسی پشتگیری ئیمپراتۆری عوسمانی، وەک هێزێکی سوونی، کە لەو سەردەمەدا کێبەرکێی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی عوسمانی وسەفەوی، بەمەبەستی نوێنەرایەتی کردنی شیعە و سوونی، زۆر لە ئارادا بوو.

هەر بەو بیانووانە بە ملوێنان کورد، لە زێدی خۆیان لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، ڕاپێچی ناوچەکانی پارێزگای خۆراسان کراون.

# نەخشەی پاریزگای باکووری خۆراسان



## خۆراسان کۆییەو لە کۆی هەڵکەوتووە.

ئەگەر باس لە خۆراسانی گەورە بکەین، باس و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەڵدەگرێت، چوون هەموو ناوچەکە و هەموو مێژووەکەی پێوەندی بە کوردەوە نییەوە، بۆیە من ئەوەم بە پێویست نەزانی، ئەوەی کە لەم نووسینەدا لام مەبەستە کە گەشتێکی خێرایی لە ناسینی ژیانی کوردەکانی خۆراسان بۆ خوێنەری کورد ئامادە بکرێت. بۆ ئەوەی هەر خوێنەرێت بییەوێت بە شێوەیەکی سەرەتایی ئاشنایی لە سەر ئەو کوردانە هەبێت. بەڵام ئەگەر کەسێک بییەوێت لێکۆڵینەوەی زیاتر بکات، ئەوا پێویستە مێژووی هەموو خۆراسان و لێکدانەوەی زۆر لەو بوارەدا بکات. هەروەک نووسەری بە توانا کەلیمولای تەوەحودی کە لە کۆی ٦ بەرگ کتێبدا، بە وردی باسی مێژوو، تیرە و بنەماڵەکانی کردوون.

خۆراسان ناوچەیەکی بەرینی خۆرئاوای ئێرانە، کە سنووری ئێرانی ئێستا! دەبەستێتەوە بە هەر یەک لە

ئەفغانستان، پاکستان، تورکمەنستان، تاژیکستان، ئۆزبەکستان و قیرقزستان. ئەو ناوچەیە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی پێش هاتنی ئیسلام. هەر لەبەر گەورەیی ناوچەکە لە ساڵی ٢٠٠٤ زایینی - ١٣٨٣ی هەتاوی، ناوچەکە لە یەک پارێزگای خۆراسانی گەورەوە دابەشدەکرێت بە ٣ پاریزگا بە شێوەی خوارەوە.

١ - خۆراسانی ڕەزەوی

٢ – خۆراسانی باکوور

٣ – خۆراسانی باشوور

هەرکام لەو بەشانەی خۆراسان مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە و هەروەها کوردەکانیش لەو هەموو

بەشانەی خۆراسان، کەم زۆر بوونیان هەیە. بەڵام بەشی زۆری کوردەکان، کەوتوونەتە بەشی خۆراسانی باکوور، بەشێوەی خوارەوە باسێکی کورتی خۆراسانی باکوورتان پێشکەش دەکەین.

# خۆراسانی باکوور

ناوەندی پاریزگای خۆراسانی باکوور، شاری بۆنجووردە.
کوردە دوورخراوەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، کەبەشێکن لە نەتەوەی کوردی وڵاتداگیرکراو، کە بەشی زۆریان لە کاتی ڕاگوازتنیاندا دەبرێنە ناوچەکانی خۆراسانی باکوور.

بە پێی تێپەڕبوونی مێژوو بەشی زۆریان خویان دەچەنە پارێزگاکانی دیکەی خۆراسان و هەندێک شاری دیکەی ئێران، بە مەبەستی کەسابەت و باخداری و ئاژەڵداری و شوانکارەیی و بگرە بەشێک لە هۆز و بنەماڵەکانیشیان دەچنە ئەفغانستان و تورکمەنستان و کازاخستان، بۆ هەمێشە لەوێ دەمێننەوە.

کوردانی خۆراسان سەرەڕای ئەوەی کە بە زۆرەملێ ڕاپیچی ئەو ناوچانە کراون و بە ویستی خۆیان

نەبووە، بەڵام تورکەمەنەکان بە هاتنی ئەو ژمارە زۆرە کورد بە توانا و غیرەتە، بۆ ناوچەکانی هاوسنووری ئەوان زۆر نیگران بوون، چەندین جار کوردانی خۆراسان کەوتوونەتە بەر پەلاماری بێبەزەییانەی تورکمەنەکانی ناوچەکە و تاڵانکراون، و بەڵام خۆڕاگرانە دیسان تورکەمەنەکانیان وەدەرناون و تۆڵەی باشیان لێکردوونەتەوە.

بە دانپێدانانی زۆر لە مێژوونووسە فارس و تورکمەن بیانییەکانی دیکە کە لەو ناوچانە ژیاون، دان بە وەدا دەنێن کە بە هاتنی کوردەکان بۆ ناوچەکە، لە بوارەکانی ئابوری و ئاوەدانی و فەرهەنگی دەوڵەمەندتر بوون، ناوچەکانی خۆراسانی باکوور نموونەی زۆربەی شوێنەکانی دیکە بوو، لە بوارەکانی وەرزش و تفەنگچی و کشتوکاڵ و مەڕ و ماڵات، گۆرانی و هەڵپەڕکێی ڕەسەن، و زۆر بواری دیکە.
ڕووبەری پانتایی ئەم پارێزگایە ٢٨٤٤٤ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە. دانێشتووانی پارێزگاکەش نزیک بە یەک ملۆێن مەزندە دەکرێن.
ئەم پارێزگایە پێکهاتووە لە ٨ شارستان و ٢٢ شار و

١٩ شارەداری.٤٠ شارۆچکە یا ئاوایی گەورە و ٨٦٢ گووند. کە هاوسنوورە لەگەڵ هەردوو بەشەکەی دیکەی خۆراسان و هەروەها هاوسنووریشە لەگەڵ وڵاتی تورکمەنستان، بێجگە لەوەش هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگاکانی سیمنان و گوڵستان کە زۆربەی پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە تورکمەنی لای ئێرانن. بە پێی کۆکردنەوەی هێندێک سەرچاوەی جیاواز لە سەر پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای خۆراسانی باکوور، سەرژمێری دانیشتووانەکەی تێکڕای ٥٨% کوردن. کوردەکان هەر لە ناوەندی پارێزگاکەوە بگرە تا زۆربەی هەرە زۆری شار و ناوچەکانی دیکەی خۆراسان دەژین و بە گشتی کورد بووەتە نەتەوەیەکی سەرەکی و خاوەنی پارێزگاکە، مێژوونووسانی ناوچەکە گەوایی بۆ ئەوە دەدەن کە لە مێژووی بەرەنگاری لەو پارێزگایەدا لە هەموو پێکهاتەکان زیاتر پشتیوان بوون و قووربانییان داوە.

جێگە و ڕێشەی خۆیان لە مێژووی ئەو ناوچەیەدا هەیە، و کە باس لە خۆراسان بکرێت ناکرێت باسی کورد لە هەموو بوارەکاند تێدا نەبێت، کە تەماشای

هەر جۆرە فیلم و بەڵگەیەکی دێرینی دوکۆمێنتاریش دەکەین، دەبینین کە کوردەکان بەشی زۆری ناوچەکەن. بۆ نموونە لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا من دوکۆمێنتارییەکی شاو شاژنی ئێرانم بینی، کە لە نێوان ١٩٤٨ بۆ ١٩٥٠سەردانی خۆراسانیان کردبوو، گرووپێکی هونەری کوردی بە هەڵپەڕکێی کوردییەوە پێشوازییان لێکردوون، دیارە بۆ پێشوازی شای وڵات حەتمەن دەبێت لە گروپی ڕەسەنی شارەکە کەڵک وەگیرێت، کەوابێت کوردیش بووەتەوە پێکهاتەیەکی ڕەسەن و حاشاهەڵنەگری ئەو شارە. یان دەکرێت بە واتایەکی دیکە بڵێین خۆراسانی کوردستانێکی بچووکی دوورخراوەیە لە سنووری کوردستانی گەوردا.

# کوردەکانی لای خۆراسانی ڕەزەوی

هێندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، کە ٢هۆزی گەورەی ناو ئەو ٢٢ هۆزە کوردە دوورخراوانە، بە مەبەستی بە دەستهێنانی شوێنی گوونجاوتر لە پاش چەندین ساڵ دوای گوازتنەوەیان بۆ خۆیان چوونەتە ناوچەیەکی خۆراسانی ڕەزەوی، کە ئێستا سەرژمێری ئەوانێش لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ هەزار کەسێک دەبن، هەر بۆیە باشترە بە سەرجەم کوردەکانی ئەو ناوچەیە بگووترێت، کوردەکانی لای خۆراسان، کوردخانە یا کورمانجستان.

# مێژووی کوردەکانی لای خۆراسان

ئەم کوردانە پێش ئەوەی بە زۆر کۆچیان پێ بکەن، لە کوردانی (کرمانج) واتە ئەو کوردانەی کە بە زاری شیرنی کرمانجی دەئاخافن، لە ناوچەکانی سەر بە پارێزگای ورمێی خۆرهەڵاتی کوردستان و پارێزگای وان ی باکوری کوردستانن. کە نیشتەجێی دەڤەرە دڵڕفێنەکانی سروشتی شاخ و دەشت و ناوچەکانی گۆلی جوانی وان بوون.

شا عەبباسی سەفەوی لە سەرەتایی سەدەی شانزەدا کە وەک ئیمپراتۆرێکی بەهێزی شیعە لە ناوچەکە سەریهەڵدا و لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی بە سەر عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا پەیداکرد،
هەروەها لە شەڕی چاڵدێرانی ناوچەی ورمێی خۆرهەڵاتی کوردستان کە لەساڵی ١٥١٤ بوو دۆڕا. لەو ساڵەدا ڕێکەوتننامەیەکی دیکە بۆ دابەشکردنی کوردان واژۆکرا، کە ئەویش یەکێکە لە مێژووە پڕ شوومەکانی دەسەڵاتداران و داگیرکەرانی کوردستان، کە شەڕ و زیان و نەگبەتییەکەی بەر گەلی کورد

کوردەکانی لای خۆراسان، لە دوا ڕۆژی دەوڵەتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا./ **نووسینی عارف باوەجانی**

کەوت، هەر لەو شەڕەدا خۆرهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستان، لە نێوان عوسمانی و سەفەویدا دابەشکران. دواتریش بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لەوەی کە کوردەکانی ئەو ناوچانە پاڵپشتی هێزەکانی مەزهەبی سونی عوسمانییەکان بوون، و دابڕانی ئەو هێزە زۆرە بە توانایەی کورد لە عوسمانییەکان، لە نێوان ساڵەکانی ١٥٩٨ و١٦٠٢ی زایینی، کە ئەگەر لەگەڵ ئەمساڵ واتە ٢٠٢٠ ئەژماری بکەین، دەبێتە ٤٢٢ ساڵ پێش، شالاوی دوورخستنەوەی کوردەکان بەرێوەچوو، کە هەردوو پارێزگای سنووری دەستدروست و دابەشکراوی باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و بێبەزەییانە بە کۆچەری گوازرانەوە بەرەو خۆراسان.

کەلیمولای تەوەحودی کە ئاوڕۆشنکەرەوەی مێژووی ئەو کوردە دوورخراوانەی خۆراسانە، بەڕاستی ماندووبوونێکی زۆری لە ڕاگرتنی مێژووی ئەو هەموو کوردە بە ناحەق ڕاپێچکراوە کێشاوە، زۆر جێگەی دڵخۆشکەر بوو لە ساڵی ٢٠١٩ لە لایەن سەرۆکایەتی

حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستانەوە بانگهێشت کراو، خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا.

لە چەندین پەرتووک و بابەتدا زۆر بە باشی و بە وردی باس لە پێکهاتە و عەشیرەتە کوردەکان دەکات، کە تێیاندا لە ناو چەند عەشیرەتدا ناوی عەشیرەتی شکاک وەک گەورەترین عەشیرەتی دوورخراوەی کورد دەبات، کە ئێستا شکاکەکان لە هەر چوار بەشی داگیرکراوی باکوور و باشوورو خۆرهەلات و خۆرئاوای کوردستاندا بوونیان هەیە. هەروەها بە گشتی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو کوردە دوورخراوانە لە پێکهاتەی ۲۲ هۆزی گەورە و دیاری کوردن، کە ئێستاش ڕێشەی ئەو هۆزانە لە ناوچەکانی ورمێی خۆرهەلاتی کوردستان و وان و چەند پارێزگایەکی دیکەی باکووری کوردستان ماون. لە هەمووی گرنگتریش کە تا ئێستا ئەو خەڵکە بە زاوارەوەی شیرنی کرمانجی قسە دەکەن، وێرای فشاری زۆری داگیرکەران، و خوێندن و شوێنی کارو ژیانیان هەموو بە زۆرەملی بە فارسی بووە، بەڵام زمان و زاراوەی دایکی خۆیان کە کورمانجییە لە بیرنەکردووە. لە تەنیشت زمانی

کوردی زۆربەی کوردانی ئەو ناوچانە شارەزاییەکی باشیان لە زمانەکانی فارسی و تورکمەنی و ئۆزبەکیش هەیە.

کوردەکانی ئەو دەڤەرانە، خاوەنی پۆشاک و جل و بەرگی تایبەت بە خۆیانن، و هەروەها لە بواری موزیکدا چەندین جۆر ئامێر و ئاوازی تایبەتیان کە زۆر جیاوازە لە پێکهاتەکانی دیکە. ئەوەش پێناسە لە دەوڵەمەندی فەهەنگی کوردی دەکات.

موزیکی گۆرانی بۆ شایی و خۆشی و هەڵپەڕکێ، لاوک و لاواندنەوە بۆ گێرانەوەی مێژوو بە سەرهاتەکان، موزیکی تایبەت بە شین و ئالأیی و کۆتەڵ لە کاتی شەڕ و تەنگانە و مردنی کەسانی ناودار.

هەروەها موزیکی تایبەتی ئایینیشیان هەیە، کە لە بۆنە ئایینییەکاندا بە کاری دێنن.

ئاهەنگ و شایی بووک گوازتنەوەی کوردەکانی ئەو ناوچانە لە سەرتاسەری خۆراسان دەنگدانەوەی

هەیە، غەیرە کوردەکان بە سەر سوورمانەوە باس لە خۆشی و ڕێکوپێکی ئاهەنگ و شایی کوردەکان دەکەن، کە چۆن قەتارەی سەدان کەسی لە کاتی هەڵپەڕیندا درووستدەکەن، و ژن و پیاو بە تێکەڵی و هەروەها بە گروپی جیاجیا کەشێکی شادمانی دەبەخشن.

هەروەها بە فریای یەکگەیشتن و هاوکاریکردنیان لە کاتی مردنی کەسێکی بنەماڵە کوردەکان، لە کاتەکانی لێقەومان و سەرەخۆشی، بەسەدان کەس بەدڵسۆزییەوە بەرەو ماڵی کەسی خاوەن مردوو سەرەخۆشییەوە دەڕۆن، و تەداررووکی پێویستیان بۆ دەبەن. ئەو تایبەتمەندییانەی کوردەکانی خۆراسان، هۆکاری سەرەکی مانەوەی کوردن وەک نەتەوەییەکی جیاوازتر لە پێکهاتەکانی دیکەی خۆراسان.
گیرسانەوەی کوردەکان لە ناوچەکانی خۆراسان، ئیتر بوون بە بەشێک لە مێژووی خۆڕاگری ئەو ناوچەیە، و مێژوونووسانی ئێرانی باس لە ئازایی کوردەکان دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر کوردەکان نەبایەن چەندین جار خۆراسان دەکەوتە ژێر دەستی هێزەکانی ئۆزبەکستان.

کوردەکانی لای خۆراسان، لە دوا ڕۆژی دەوڵەتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا./ **نووسینی عارف باوەجانی**

لە سەدەی ١٦ی زانیییەوە وە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، کوردەکان بەشداری بەرچاوییان هەبووە لە هەموو مێژووی حوکمداری و دەسەڵاتداریێتی جیاواز لە ناوچەکانی خۆراسان و ئێران بە گشتی.

کوردەکانی خۆراسان، لە نێو خۆیاندا و هەروەها لە نێو خەڵکی دەڤەرەکانی دیکەی هەموو بەشەکانی خۆراسان بەم چەند ناوە ناسراوەن.

- کوردانی کورمانج
- کوردەکانی خۆراسان
- کورمانجستان
- کوردخانە.

تەنیا ئەو بەشەی خۆراسان، کە زیاتر کوردەکانی تیدا دەژی واتە سنووری کوردخانە، ٦٤٢٨٩ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە. کە ئەگەر بەراوردی بکەن، لە خاکی چەندین وڵاتی سەربەخۆ گەورە ترە.

# حکومەتی خۆرهەڵاتی کوردستان، و کوردەکانی خۆراسان (کوردخانە)، لە دواڕۆژدا

زۆر وڵاتی دیکەی ئێستا هەیە، کە خەڵکەکانیان بە پێی تێپەڕبوونی کات، و گۆڕانکارییەکانی مێژوو، لە سەدەکانی پێشوودا نیشتەجێی وڵاتانی دراوسێیان کراون، یا بگرە لە وڵاتانی دوور لە سنووری قارە ( کیشوەرەکەشیان)دا، بەڵام حکومەتەکانی ئەم سەردەمانەیان، هەمێشە خۆیان بە خەمخۆر و پشتیوانیان دەزانن، بۆ نموونە حکومەتی ئێسرائیل، لە هەر شوێنێکی جیهاندا ئەگەر یەک جوولەکەشی تێدا بژی، لەو شوێنەدا وەک سەرمایەی نەتەوەیی و ئابووری و زانستی کەڵکیان لێوەردگرن و ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی خۆشیان پێدەدەن، بە هەموو شێوەیەکیش پشتیوانیان دەکەن، بۆ نموونە بە هۆی لێزانی و پشتیوانی جولەکەکانی ئەمریکا، لە ئێستادا بە دەسەڵاتی دووەمی ئەمریکا ئەژمار دەکرێن. بەهۆی پشتیوانی وڵاتەکەیان و جولەکەکانی ئەمریکا بە دروستکردنی ڕێکخراوی هاوبەشی ئامریکی ئێسرائیلی

ئایپاک، بوونەتە هێزێکی گرنگی کاریگەر لە سەر سیاسەتی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، هەر کاندیدێکی سەرۆکایەتی ئەمریکا ئەگەر دەنگ و پشتیوانی دارایی جوولەکانی لە پشت بووبێت بێ هیچ گوومانێک سەرکەوتنی بە دەستهێناوە.
یا تورکەکان لە هەر قووژبنێکی جیهان تورکی لێدەژی خۆیان بە خاوەنیان دەزانن، بۆ نموونە لە سەردەمی عوسمانییەکان و هەروەها لە سەردەمی دروستبوونی یەکەم حکومەتی پاشایی ئێراقدا، چەند تورکێک بە مەبەستی کارکردن لە ئیزگەی شەمەندەفەر و پڕۆژە نەوتییەکانی کەرکوک و موسڵ، هاتوونەتە ئەو ناوچانە، دواتریش نەگەڕاونەتەوە و هەر لە ناوچانە گیرساونەتەوە، ئێستا خۆیان بە بەشی سێیەمی پێکهاتەی کەرکوک و  موسڵ دەزانن، واتە لە پاش کورد و عەرەب ئەوانیش خۆیان کردووەتەوە خاوەن مێژوو سەروەتی شارەکە. بگرە لە کەرکوک خۆیان بە خاوەنی شارەکە دەزانن و پێیان وایە کە کەرکوک شارێکی تورکمانییە!
کەوابێت لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە و مێژووی پڕ لە ژانی کوردی زوڵملێکراو و ئاوارە و دەربەدەرکراو، وا

چاوەڕوان دەکرێت، کە لە سەردامانێک دەوڵەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درووست ببێت، دەبێت ئەو دەوڵەتە باس لە پاراستنی مافی کوردەکانی خۆراسان بکات. بێگومان لەو کاتەشدا چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە حکومەتی تورکیا و تورکمەنستان، بکەونە دژایەتی کردنیان. بەڵام بۆ خۆیان لە یەک شوێن تورکێک شک ببەن خۆیان دەکەن بە خاوەنی.

وەک پێشتر زۆر بە کورتی باسی هۆکاری ئاوارەبوون سەرژمێر و ئامارەکانی، و پانتایی خاکەکەمان کرد، باسی ئەوەمان کرد کە ئەگەر بەراوردی بکەین، بە پانتایی هێندێک سەرچاوەی جیاواز کە باس لە خاکی ئێستای خۆرهەڵاتی کوردستان دەکرێت، هەر کوردخانە هێندەی ٤٣% گشتی پانتایی خاکی سنووری ئێستای خۆرهەڵاتی کوردستانە.

کوردەکانی خۆراسانیش بە هۆی کۆچ و گەشتی ئابوری و زانستی، بەشێکی زۆریان لە ناوچەکانی هەردوو بەشی خۆراسانی دیکەو تاران و قەزوێن و مەشهەد. هەروەها پەڕیوەی وڵاتانی دیکەی هاوسنووری خۆراسانیش بوون.

به پێیێ هێندیک سەرچاوە کە باس لە بوونی ٢ ملۆین کورد تەنها لە تاران دەکرێت، نزیک بە ٣٠٠ تا ٤٥٠ هەزار لە مەشهەد و ٢٥٠ هەزاریش لە قەزوێن.

کەوابێت دەکرێت بلێین کە کوردەکانی خۆرهەلاتی کوردستانی پەڕێوەی شارەکانی دیکەی ئێران و نەتەوەکانی دیکەی بندەستی ئێران نزیک بە ٤ ملوێن دەبن. بوونی ئەو کوردە زۆر و خاوەن پێگانە لە ناوچەکانی دەروەی خۆراسانیش، سەرمایەیەکی گەورە و بەهێزی مرۆیی و نەژادین، بۆ بووژانەوەی هێز و ئابوریی کورد بە گشیتی لە ناوچەکەدا.
ئەوەش وا دەخوازێت و زۆریش پێویستە کە هەر لە ئێستاوە لایەنە زانستییەکان، لایەنە سیاسییەکان، مێژوونووسانی خۆرهەلاتی کوردستان، هەولبدەن زانیاری وردتر لە سەر پێکهاتە و گرنگی ئەو دەڤەرە کوردنشینانە کۆبکەنەوە. لە ئەگەری سەرهەلدانی هەر ئالوگۆڕێک لەو ناوچەیەی ئەمڕۆ پێیێ دەگوترێت ئێرانی یەگرتوو، لەسبەیدا دەبێتە ئێرانی پارچە پارچە کراو.

کوردەکانی لای خۆراسان، لە دوا ڕۆژی دەوڵەتی خۆرهەلاتی کوردستاندا./ **نووسینی عارف باوەجانی**

بێگومان هەموو نەتەوەیەکی بندەست و چەوساوە لە مێژووی دەسەڵاتدارێتی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی فارسی لە ئێراندا، چیی دیکە مانەوە لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکەی ئێرانی قبووڵ ناکەن.
بێجگە لەوەی لە خۆرهەڵاتی کوردستان ئەگەری دەسەڵاتی سەربەخۆ زیاتر لە ئارادایە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کە تورکمەنەکانی لای خۆراسانیش هەر لە ئێستاوە باس لە سەربەخۆیی خۆیان دەکەن، ئەوان حکومەتی سەربەخۆی ئێستای تورکمەنستانی هاوبەشی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، و هەروەها حکومەتی تورکیایشیان لە پشت دەبێت، ئەوەی لە ناوچەکە بێ پشتیوان دەمێنێتەوە، کوردەکانی خۆراسانە.

هەربۆیە مەبەستمە لێرەدا ئەوە بڵێم کە شوورەییەکی زۆر دەبێت بۆمان، لەو ئان و ساتەدا نەتوانین پشتیوانییەکی بەهێزی هاوزمانە بە زۆر دوورخراوەکانمان لە خۆراسان نەکەین، هەروەک گلەیی زۆربەی کوردە فەیلییەکانی ئێستای بەغدا و

ناوچە باشوورنشینەکانی ئێراقی عەرەبی، کە پێیانوایە حکومەتی هەرێم وەک پێویست پشتیوانیان نەبووە، بۆیە زۆربەیان لە دەنگدان و هەڵبژاردن چوونە پاڵ هێزە شیعەکانی ئێراقەوە.

ئەگەر وای دانێین کە حکومەتێک لە خۆراسان یا بە ناوی هەرێمی خۆراسان ڕاگەیەندرێت، بە پێی پێکهاتە و سەرژمێریش بێت کوردەکان بەشی زۆرینەن، کەوابێت دەبێت کاربۆ ئەوە بکرێت کە کوردەکان لەو هەرێمەدا باڵادەستبن و خاوەنی پێگە و دەسەڵات بن.

سەرچاوەی نووسراو، سەرچاوەی زارەکییەکانیش، باس لەوە دەکەن کە بەشی زۆری بازاڕی ئابووری و کشتوکاڵی خۆراسان بە دەست کوردەکانەوەیە، کوردەکانی خۆراسان بە خەڵکی ژیر و هۆشیار و کارکەر ناسراون.

سەرکەوتن و دەسەڵاتی کوردەکانی خۆراسان بێجگە لەوەی لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە دەسکەوتێکی گرنگ دەبێت لە مێژووی کورد بە گشتی، و خۆرهەڵاتی

کوردستانیش بە تایبەت. هەروەها پردێکی گرێدانی خۆرهەڵاتی کوردستانە دەبێت بە زۆر وڵاتەوە، لە بواری ئابووری و دیپلوماسییەوە. کە خۆرهەڵاتی کوردستان دەتوانێت لە سنوورەکانی کوردخانە یا کورمانجستانەوە لەگەڵ هەر یەک لە وڵاتانی ئۆزبەکستان و ئەفغانستان و قیرقستان و زۆر لەو وڵاتانەی کە پاشناویان بە ستان کۆتایی دێت، واتە ئەوانەی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێش ١٩٩١. پێوەندییەکی باشی ئابوری و ئاڵووگۆڕی ئابوری دروستبکات، بۆ ئەوەی چیی دیکە پێویستی بە ئاڵووگۆڕی ئابوری لەگەڵ فارسی زمان شیرینی بەڵام بە کردەوە ماری ژێرکا نەبێت.

بە داخەوە مێژووی دابەشبوونی کوردان، ئەو هەموو پرش و بڵاوییەیان لە ئاست جیهاندا، بۆمان دەسەلمێنێت کە سەرژمێریان، دەکرێت بڵێین زۆرتر لە ٥٠ ملوێن کەس دەبن، بەڵام زۆر جار لە لایەن نووسەر و سیاسییە کوردەکانیشەوە غەدریان لێدەکرێت و بە ژمارەیەکی زۆر کەمتر لەو ئامارە ڕاستیانە باسیان دەکرێت.

# هیندیک وێنەی مێژوویی کوردەکانی لای خۆراسان

تێبینی: تەواوی وێنەکان لە ئینتەرنێت وەرگیراوە

## وێنەی کەلیمولای تەوەحودی، لەگەڵ سەرۆک بارزانی



## وێنەی کەلیمولا تەوەحودی، لەکاتی خەلاتکردنی لەلایەن حکومەتی باشووری کوردستان ٢٠١٩



چەند وێنەیەکی جیاواز لە سەر کوردەکانی لای خۆراسان







کوردەکانی لای خۆراسان، لە دوا ڕۆژی دەوڵەتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا. **/ نووسینی عارف باوەجانی**









کوردەکانی لای خۆراسان، لە دوا ڕۆژی دەوڵەتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا. **/ نووسینی عارف باوەجانی**









کوردەکانی لای خۆراسان، لە دوا ڕۆژی دەوڵەتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا./ **نووسینی عارف باوەجانی**





بەشێک لە وێنەی کوردانی لای خۆراسان لە کاتی بەرگریدا.







وێنەی دەستگیرکردنی هێندێک لە کوردە کۆچەرییەکانی لای خۆراسان، لە سەر بڕیاری ڕەزاشا



## دوا وتە

خوێنەری ئازیز، ئەمە تەنیا دڵۆپێکە لە ناساندنی دەریای مێژووی کوردەکانی خۆراسان، تەنیا گەشتێکی خێراییە، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بییەوێت بە شێوەی سەرپێیێ کوردەکانی لای خۆراسان بناسێت.

ئەم نووسینە بەرهەمی پرۆژەیەکی گەورەیە لە ژێر ناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە کۆی ٦ بەرگدا کۆدەکرێتەوە.

لە هەر کەم وکوڕییەک کە بەرچاوتان دەکەوێت، داوای لێبوردن دەکەم، وهاوکات چاوەڕێتان دکەم بەو ناونیشانەی لە لاپەڕەی کۆتایی پەرتووکەکەدا دانراوە لەهەڵەو کەموکوڕییەکان ئاگادارم بکەنەوە.
بەڕێزەوە عارف باوەجانی

بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی مای ٢٠٢٠ی زاینی.

# سەرچاوەکان

١ - کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خۆراسان بەرگی سێیەم و چوارەم کەلیمولای تەوەحودی.
٢ - گیتاشناسیی.
٣ - ویکیپیدا / فارسی
٤ – کوردیپێدیا و ویکیپێدیا/ کوردی
٥ – چەندین کورتە فیلمی دۆکۆمێنتی لە ئینتەرنێت لە سەر خۆراسان.

# بەرهەمەکانی نووسەر

## کتێبی ئامادە

١- بیرەوەرییەکانم لە پێناو سەروەری نیشتیماندا.

٢ - هەنگاوێک لە پێناسەر سەربەخۆیی کوردستاندا.

**ئەمانەش لە ئێستادا کاریان لە سەر دەکرێت.**

٣ - سەلاسی باوەجانی لە مێژووی کۆن و نوێدا.

٤- ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کۆی ٦ بەرگدا، کە هەر بەرگە و تایبەتە بەپارێزگایەک، یەک بەرگیش تایبەت بە کوردەکانی دوورخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٥ - خالۆعەلی بنیشتکەر، بەسەرهاتێکە بە شێوەی ڕۆمان.

هەروەها ئەم نامیلکانەشی بڵاو بووەتەوە **<u>نامیلەک، واتە کتێبی بچووک، کە لاپەڕە لە ١٠٠ بۆ خوارەوەن.</u>**

٦ / ئیلام بە مێژوو ئابووریەکەی ڕۆژهەڵاتی دەبووژێنێتەوە.

٧ / مەلا موحەممەدی ڕەبیعی لە مێژوو.

٨ / جوانڕۆی هەمیشەر سەربەرز لە میژوودا.

٩ / کوردەکانی لای خۆراسان، لە دواڕۆژی دەوڵەتی خۆرهەڵاتی کوردستاندا.

ناونیشانی پێوەندی گرتن بە نووسەری ئەم پەرتووکەوە، لە سەر هەر تێبینی و بۆچوونێک.

You are welcome to all social media contact with Mr. Arif Bawecani Leader
( of the Party Serbesti Kurdistan ( P S K
بەخێربێن بۆ پەیجی فەرمی عارف باوەجانی / سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان
پەیجی فایسبووک: Aref Bawecani عارف باوەجانی
ئەژماری فایسبووک: https://www.facebook.com/abawecani
ئینستیگرام : https://www.instagram.com/arifbawecani
تویتەر : https://twitter.com/ArifBawecani
لینکەدین: Arif Bawecani
ئیمایل: bawecani2020@gmail.com

www.psk2006.org